بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# كۆمەڵناسی سیاسی

م.ی توانا عثمان محمدامین
قۆناغی چوار – كۆمەڵناسی

twanaosman357@Gmail.com

Mobile :07504859088


Political
sociology
power
representative
political
relations
sociologists
workplaces
state
poverty
weakening
globalization
democracy
encouraging
difference
competing
cultural
analysis
social
theoretical
restricted
research
groups
formal
managerial
concentrating
question
complexity
analytic
classelite
frameworks
psychology
domination
bureaucracy
pragmatism
managers
networks
personalities
micro
influences
contest
constraints
approach
traditionally
overlaps
vote
capitalist
discarded
interaction
ethnicity
trends
affect
explains
operates
dynamics
pluralism
emphasizes
elected
inequality
gender
macro
formation
theory
split
focuses
exploring
radical
rethinking
knowledge
concerned
structure
sociology
politics
organizational
society
organising
Adobe Stock | #474066498

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

دەرسگوتاری یەکەم

یەکەم :- یەکتر ناسین :



## دووەم :- گرنگی ئەم قۆناغە لە رووی بابەت و نمرەوە :

- لەڕووی بابەتەوە، باس لە کۆمەڵناسی سیاسی و چۆنیەتی تیگەیشتن لەم زانستە دەکەین، لەرووی میژووی چەمک و تیۆرییەکانیەوە دەدوێین، تێگەیشتن لە دیاردە سیاسییەکان، زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵناسان؛ چونکە سیستەمی سیاسی یەکێکە لە سیستەمە گرنگەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی.

- وەکو قۆناغیش ئەم ساڵ قۆناغی چوارەم (٤٠) چل، نمرەی لەسەرە، واتە لەسەر سەد هەر چەندیك بێنن جارانی (٤٠)دەکەن.

- لەرووی یەکەی بابەتییەوە، ئەم بابەتە(کۆمەڵناسی سیاسی)، (٢)دوو، یەکە(وحدە)ی، لەسەرە لەم قۆناغە، یەکێکە لە بابەتەکانی قۆناغی چواری بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆ.

سێیەم: بەرچاوڕونی بۆ قوتابیان :

١- تاکو کۆتایی کۆرس (٤٠)نمرەی لەسەرە.

٢- سی نمرە لەسەر تاقیکردنەوەی مانگانە یان وەزر، کاتێک بۆ هەمووان دیاری دەکرێت.


٣- داواتان لێدەکرێت هەمووتان بەجیا، ڕاپۆرتێک بنوسن و بیکەنە سیمینار لەسەر بابەتێک لە بابەتەکانی کۆمەڵناسی سیاسی.



٤- چالاکی ناو پۆل و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و پرسیارکردن و دەوڵەمەندکردنی مامۆستا گرنگە، بەچی چۆن دەکرێت؟

ا- ئەنجامدانی سیمینار لەسەر بابەتێکی کۆمەڵناسی سیاسی لە ناو هۆڵ.

ب-خوێندنەوەی کتێب یان کورتکردنەوەی کتێبێك، واتە خستنەرووی گرنگترین بیرۆکە و بۆچوونەکانی نوسەر و تەوەرەکانی کتێبەکە لە ماوەی چەند خولەکێکدا.





## چوارەم : چی دەخوێنین، چۆن دەیخوێنین، بۆ دەیخوێنین ؟



١- ئەوەی دەیخوێنین پێیی دەڵێین، کۆمەڵناسی سیاسی، بابەتێکی پێویستە بۆ کۆمەڵناسان و قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی.

٢- زیاتر بە تیۆری دەیخوێنین، سوود لەسەرچاوەکان دەبینین.

٣- بە پراکتیکیش لە ناو کۆمەڵگەی خۆمان و و ژیانی رۆژانە سوود وەردەگرین و راپۆرت و توێژینەوەش دەنووسین.

## بۆچی کۆمەڵناسی سیاسی دەخوێنین؟

ئەمە پرسیارێکی زانستی و فەلسەفی زۆر گرنگە، پێویستە لە هەموو بابەتەکانی زانکۆدا بکرێت؛ واتە وەڵامی ئەو پرسیارەمان لا روون بیت، ئایا مەبەست لە خوێندنی ئەم بابەتە چیە؟

**بە شێوەیەکی گشتی خوێندنی ئەم زانستە دەبێتە هۆی:-**

١- چەمکی سیاسەت، بۆ ئەو چالاکییانە بەکاردەهێنرێت، کە لە لایەن گرووپێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەنجام دەدرێت؛ کەواتە سیاسەت دیاردیەکی کۆمەڵایەتییە؛ بەمەش دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵناسییەوە.

٢- لەم بابەتەدا(کۆمەڵناسی سیاسی)، ئاشنا دەبین بە تێگەیشتنێکی زانستییانە، لە دیاردە سیاسییەکان.

٣- ئاشنامان دەکات بە گرنگترین ئەو بابەتانەی، لە بواری زانستی کۆمەڵناسی سیاسی، خراونەتە روو.

٤- خوێندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی، کۆمەڵناسان، سیاسەت بە شێوازێکی زانستی واقیعی بناسن؛ چونکە سیاسەت، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی گرنگ و چارەنوس سازە بۆ کۆمەڵگا، ناسینی وەک هونەری بەڕێوبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگا؛ نەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە پۆست و پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆکردنەوەی و چەوساندنەوەی سامان و ئەندامانی کۆمەڵگا.

٥- خوێندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی، کۆمەڵناسان پاش شارەزابوونی خۆیان بتوانن هۆشیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دیاردە سیاسییەکان بڵاوبکەنەوە؛ تاوەکو ئەندامانی کۆمەڵگا، لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی سیاسی دابن، توانای جیاکردنەوە و ناسینی سیاسەتی دروست و نادروستیان هەبێت، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە بەرزی ئاستی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان، لەسەر بنەمایەکی تەندروست.

# بەهیوای سەرکەوتن

